# وانەی ٧٠: هێزی عیسا

مارقۆس ٤–٦ و مەتا ٩–١٠

لە وانەی ڕابردووماندا، بینیمان کە ڕابەرە ئایینیەکانی جولەکە هەوڵیان دەدا عیسا لەناو بەرن لەبەر ئەوەی دەیفەرموو کە خودا باوکیەتی، وا بەو شێوەیە دەڵێت کە هاوتایە لەگەڵ خودا. بۆ هەرشوێنێك بڕۆیشتایە خەڵکێکی زۆر شوێنی پەروەردگار عیسا کەوتن. لەنێوان ئەو خەڵکەی شوێنی دەکەوتن هەندێك هەبوون باوەڕییان بە ووشەکانی عیسا هەبوو و هەندێکی تریش باوەڕییان پێ نەبوو. عیسا دوازدە پەیامبەر (قوتابی) هەڵبژارد لەنێوان ئەوانەی باوەڕییان پێی کرد، تاکو لەگەڵیان بێت، فێریان دەکرد و ڕەوانیان بکات مزگێنی خۆشی ڕزگار بوون ڕابگەێنن.

ئەو دوازدە قوتابییەی عیسا هەڵیبژاردن ناویان شیمۆن بوو، هەروەها ناسراو بوو بە پەترۆس، و ئەندۆراسی برای و یاقوبی کوڕی زەبدی بوو، و برا بچووکەکەی بە ناوی یۆحەنا — ئەم چوار برایە ماسی گر بوون. قوتابییەکانی تر ناویان فیلیپۆس و **بەرتۆلماوس** و تۆماس و مەتای باجگر و یاقوبی کوڕی حەلفا، **تەداوس**، شیمۆنی کانەوی و **یەهوزای ئەسخەریوتی**، کەوا خیانەتی لێ دەکات. (تەماشای مەتا ١٠: ٢–٤ بکە) ئەوانە ئەو دوازدە قوتابییە بوون کە لەگەڵ بوون. چەن ئافرەتێکیش شوێنی عیسا دەکەوتن لە هەموو جێگایەك کە دەچوو: **مریەم کە بە مەجدەلی**، ئەوەی کەوا عیسا حەفت **ڕۆحیپیسی** لێ دەرکرد، **یۆوەنای ژنی خوزای** و بەڕێوەبەری ماڵی **هیرۆدیس**، **سوزانە** و چەن ئافرەتێکی تریش. ئەم ئافرەتانە یارمەتی پاڵپشتی عیسایان دەدا بە شێوازی **خۆ**یان. (تەماشای لۆقا ٨: ٢، ٣ بکە)

وەك تائێستا بینیمان، خەڵکی سەریان سوڕمابوو لە فێرکردنەکانی پەروەردگار عیسا، لەبەر ئەوەی بە دەسەڵاتەوە فێری دەکردن کەوا مامۆستا ئایینیەکانی خۆیان ئەو شتەیان نەبوو. دەسەڵاتی عیسا تەنها ووشە نەبوو، بەڵکو بە ئیشە باڵادەستەکانی دەیسەلماند. لەبەر ئەوەی نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (پاشایەتی خودا بە قسە نییە، بەڵکو بە هێزە.) (١ کۆرنسۆس ٤: ٢٠) لە وانەی ئەمڕۆ دەبینین چۆن پەروەردگار عیسا خاوەنی هێز و دەسەلات بوو بەسەر هەموو بەدی هێنراوێك و هێزێکی سەر زەوی.

دەست دەکەین بە خوێندنەوەی بەشی چوارەمی ئینجیلی مارقۆس. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (مارقۆس ٤) [٣٥] لەو ڕۆژەدا، کاتێ
ئێوارە داهات، پێی فەرموون: (با بپەڕینەوە ئەوبەر.) [٣٦] ئەوانیش خەڵکەکەیان بەجێهێشت و وەکو خۆی بە بەلەمەکە بردییان، بەلەمی
دیکەشی لەگەڵبوو. [٣٧] ئینجا ڕەشەبایەکی توند هەڵیکرد، شەپۆڵەکان بە توندی لە بەلەمەکەیان دەدا، تاکو خەریک بوو پڕبێت.
[٣٨] عیسا لە دواوە لەسەر سەرینێک خەوتبوو. هەڵیانساند و پێیان وت: (مامۆستا، گوێی نادەیتێ ئەگەر لەناو بچین؟) [٣٩] ئەویش هەڵستا
و لە بایەکەی ڕاخوڕی و بە دەریاچەکەی فەرموو: (بێدەنگ بە! هێمن بە!) بایەکە وەستاو و بووە هێمنییەکی تەواو. [٤٠] ئینجا پێی
فەرموون: (بۆچی ئاوا ترسنۆکن؟ هێشتا باوەڕتان نییە؟) [٤١] ئەوانیش تۆقین و بە یەکترییان دەووت: (ئەمە کێیە؟ تەنانەت با و دەریاش
بە قسەی دەکەن!)

(مارقۆس ٥) [١] ئینجا گەیشتنە ئەوبەری دەریاچەکە، بۆ هەرێمی گەراسین. [٢] کاتێ عیسا لە بەلەمەکە دابەزی، یەکسەر لەناو گۆڕستان
پیاوێکی تووشبوو ڕۆحیپیسی تێدابوو، [٣] لەناو گۆڕەکان دەژیا، تەنانەت بە زنجیریش کەس نەیدەتوانی بیبەستێتەوە. [٤] چونکە زۆر جار
بە کۆت و زنجیر بەسترابۆوە، بەڵام زنجیرەکانی پچڕاند و کۆتەکانیشی شکاند، کەسیش نەیتوانی ملکەچی بکات. [٥] شەو و ڕۆژ
بەردەوام لەناو گۆڕستان و لە چیاکاندا بوو، هاواری دەکرد و بە بەرد لەشی خۆی بریندار دەکرد. [٦] کاتێ لە دوورەوە عیسای بینی،
ڕایکرد و کڕنۆشی بۆ برد. [٧] بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد: (چیت لە من دەوێت، ئەی عیسای کوڕی خودای هەرەبەرز؟ سوێندت
دەدەم بە خودا، ئەشکەنجەم مەدە!) [٨] چونکە عیسا پێی فەرمووبوو: (ئەی ڕۆحیپیس، لە پیاوەکە وەرە دەرەوە!) [٩] ئینجا لێی پرسی:
(ناوت چییە؟) پێیووت: (ناوم لێگیۆنە، چونکە ئێمە زۆرین.) [١٠] زۆریش لە عیسا پاڕایەوە نەیاننێرێتە دەرەوەی ناوچەکە. [١١] لەوێ ڕانە

بەرازێکی گەورە لە قەد شاخەکە دەلەوەڕان، ١٢ لێی پاڕانەوە: (بماننێرە ناو بەرازەکان، با بچینە ناویان.) ١٣ ئەویش ڕێی پێدان.
ڕۆحەپیسەکان هاتنە دەرەوە و چوونە ناو بەرازەکان، ئینجا ڕانەکە لە قەدپاڵەکەوە بەرەو دەریاچەکە تەووژمیان برد، نزیکەی دوو هەزار
دەبوون، لەناو دەریاچەکە خنکان. ١٤ بەرازەوانەکان ڕایانکرد، هەواڵیان دایە شار و کێڵگەکان. خەڵکەکەش هاتن تاکو ببینن چی
ڕوویداوە. ١٥ هاتنە لای عیسا، بینییان ئەوەی لەشکرێک ڕۆحیپیسی تێدابوو، دانیشتووە و پۆشتەیە و ئاقڵە، جا ترسان. ١٦ ئەوانەش
کە بینیبوویان چی بەسەر بەرازەکان و کەسەکە هات کە ڕۆحیپیسی تێدابوو، بۆیان گێڕانەوە. ١٧ ئیتر دەستیانکرد بە پاڕانەوە لە عیسا
تاکو لە ناوچەکەیان بڕوات. ١٨ کاتێ عیسا سواری بەلەمەکە دەبوو، ئەوەی ڕۆحیپیسی تێدابوو، لێی پاڕایەوە کە لەگەڵی بێت. ١٩ ڕێگای
نەدا، بەڵکو پێی فەرموو: (بڕۆ ناو ماڵ و کەسوکارت، بۆیان بگێڕەوە خوداوەند چی بۆت کردووە و چۆن بەزەیی پێت هاتەوە.) ٢٠ جا
ڕۆیشت و لە دە شارەکەدا دەستیکرد بە جاڕدانی هەموو ئەوەی عیسا بۆی کردبوو. هەموو سەرسام بوون.

٢١ دیسان عیسا بە بەلەمەکە پەڕییەوە ئەوبەر، هەر لەدەم ئاوەکە بوو خەڵکێکی زۆر لێی کۆبوونەوە. ٢٢ یەکێک لە پێشەوایانی کەنیشت
هات، ناوی یایرۆس بوو، کاتێ عیسای بینی، لەبەرپێی کەوت و ٢٣ زۆر لێی پاڕایەوە: (کچە بچووکەکەم لە سەرەمەرگ دایە، وەرە
دەستی لەسەر دابنێ تاکو چاکبێتەوە و بژیێت.) ٢٤ عیسا لەگەڵی چوو، حەشاماتێکیش دوای کەوت و پاڵەپەستۆی لێ دەکرد. ٢٥ ژنێک
دوازدە ساڵبوو خوێنبەربوونی هەبوو. ٢٦ بە دەستی زۆر پزیشک ئازاری زۆری چێژتبوو، ئەوەی هەیبوو خەرجی کردبوو، هیچ
سوودیشی نەبوو، بەڵکو خراپتر ببوو. ٢٧ باسی عیسای بیستبوو، بۆیە هاتە ناو خەڵکەکە و لە دواوە دەستی لە کراسەکەی دا، ٢٨ چونکە
وتی: (ئەگەر تەنها دەست لە کراسەکەی بدەم، چاک دەبمەوە.) ٢٩ یەکسەر خوێن لێچوونەکەی ڕاوەستا و لە لەشیدا هەستی بە
چاکبوونەوە کرد لە نەخۆشییەکەی.

٣٠ یەکسەر عیساش زانی هێزێک لێی دەرچوو، ئاوڕی لە خەڵکەکە دایەوە و فەرمووی: (کێ دەستی لە کراسەکەم دا؟) ٣١ قوتابییەکانی
پێیان وت: (دەبینیت خەڵکەکە پاڵەپەستۆت لێدەکەن، کەچی دەفەرمووی کێ دەستی لێدام؟) ٣٢ چاوی دەگێڕا، تاکو بزانێت کێ بوو
وایکرد. ٣٣ ژنەکەش بە ڕووداوەکەی خۆی دەزانی، بە ترس و لەرزەوە هات، لەبەردەمی کەوت و هەمووی بە ڕاستی پێ وت.
٣٤ ئەویش پێی فەرموو: (کچم، باوەڕت چاکیکردیتەوە، بە دڵنیایی بڕۆ و لە نەخۆشییەکەت چاکببەوە.)

٣٥ کاتێ عیسا قسەی دەکرد، کەسانێک لە ماڵی پێشەوای کەنیشتەوە هاتن، وتیان: (کچەکەت مرد، ئیتر ئەزیەت مەخەرە بەر
مامۆستا.) ٣٦ بەڵام عیسا گوێی بە قسەکەیان نەدا، بە پێشەواکەی کەنیشتی فەرموو: (مەترسە، تەنها باوەڕت هەبێت.) ٣٧ نەیهێشت
کەس لەگەڵی بچێت، پەترۆس و یاقوب و یۆحەنای برای یاقوب نەبێت. ٣٨ هاتنە ماڵی پێشەواکەی کەنیشت، بینی هەرایە، گریان و
شیوەنێکی زۆر. ٣٩ چووە ژوورەوە، پێی فەرموون: (بۆچی هەراتانە و دەگریێن؟ کچەکە نەمردووە، نووستووە.) ٤٠ پێی پێکەنین. بەڵام
ئەو هەموویانی دەرکردە دەرەوە، دایک و باوکی منداڵەکەی برد لەگەڵ ئەوانەی لەگەڵی بوون و چووە ژوورەوە بۆ ئەو شوێنەی
منداڵەکەی لێبوو. ٤١ دەستی منداڵەکەی گرت و پێی فەرموو: (تالیسا قوم!) واتا: (کیژۆڵە، پێت دەڵێم هەستە!) ٤٢ کچەکە یەکسەر
هەڵستا و دەستی بە ڕۆیشتن کرد، تەمەنی دوازدە ساڵبوو، جا زۆر سەرسام بوون. ٤٣ بە توندیش ڕایسپاردن کەس بەمە نەزانێت و
فەرمووی شتێکی بدەنێ با بیخوات.

(مەتا ٩) ٢٧ عیسا بەوێدا دەڕۆیشت، دوو کەسی نابینا دوای کەوتن، هاواریان دەکرد و دەیانووت: (کوڕی داود، بەزەییت پێماندا
بێتەوە.) ٢٨ کاتێ هاتە ماڵەوە، کەسە نابیناکان هاتنە لای. عیساش پێی فەرموون: (لەو باوەڕەدان من بتوانم ئەمە بکەم؟) پێیان وت:
(بەڵێ گەورەم.) ٢٩ ئینجا ئەویش دەستی لە چاویان دا و فەرمووی: (با بەگوێرەی باوەڕتان بۆتان بێت.) ٣٠ ئیتر چاویان کرایەوە،
عیساش بە توندی ئاگاداری کردنەوە: (ئاگاداربن با کەس نەزانێت.) ٣١ بەڵام ئەوان ڕۆیشتن و هەموو ناوچەکەیان لێی تێگەیاند.

[٣٢] کاتێ دەردەچوون، لاڵێکیان هێنایە لای، ڕۆحیپیسی تێدابوو. [٣٣] کاتێ ڕۆحە پیسەکە دەرکرا، لاڵەکە قسەی کرد. خەڵکەکەش سەرسام بوون، وتیان: (قەت لە ئیسرائیلدا شتی وا ڕووی نەداوە.) [٣٤] بەڵام فەریسییەکان وتیان: (بە شای ڕۆحەپیسەکان ڕۆحیپیس دەردەکات.)

(مارقۆس ٦) [١] ئەوێی بەجێهێشت و گەڕایەوە شارەکەی خۆی، قوتابییەکانیشی دوای کەوتن. [٢] کە بووە شەممە، لە کەنیشتدا دەستیکرد بە فێرکردن، زۆر لەوانەی گوێیان لێی گرتبوو سەرسام بوون. وتیان: (ئەمە ئەمانەی لەکوێ بوو؟ ئەی ئەم داناییەی پێی دراوە و ئەم پەرجوانەی لەسەر دەستی دەکرێن! [٣] ئەرێ ئەمە دارتاشەکەی کوڕی مریەم و براکەی یاقوب و یوسی و یەهوزا و شیمۆن نییە؟ خوشکەکانی لێرە لەلامان نین؟) بەم شێوەیە ساتمەیان لێی کرد. [٤] بەڵام عیسا پێی فەرموون: (پێغەمبەر بێ ڕێز نییە، تەنها لە شار و لەنێوان خزم و لە ماڵی خۆی نەبێت.) [٥] ئیتر لەوێدا نەیتوانی هیچ پەرجوێک بکات، تەنها چەند نەخۆشێک نەبێت کە دەستی لەسەر دانان و چاکیکردنەوە. [٦] لە بێباوەڕی ئەوان سەری سوڕما. ئینجا بە گوندەکانی دەوروبەردا گەڕا و خەڵکی فێر دەکرد.

[٧] ئینجا دوازدەکەی بانگکرد، دوو دوو دەستیکرد بە ناردنیان و دەسەڵاتی پێدان بەسەر ڕۆحەپیسەکان.

[٨] ڕایسپاردن: (مەتا ١٠) [١٦] ئەوەتا من وەک مەڕ بە ناو گورگاندا دەتاننێرم. جا وریابن وەک مار و بێبەری بن وەک کۆتر. [١٧] لە خەڵکی بەئاگابن، چونکە دەتاندەنە ئەنجومەن و لە کەنیشتەکانیان بە قامچی لێتان دەدەن [٢٨] لەوانە مەترسن کە لەش دەکوژن، بەڵام ناتوانن گیان بکوژن، بەڵکو لەوە بترسن کە دەتوانێ هەردووکیان لە دۆزەخدا لەناوبەرێت. [٣٤] وا مەزانن کە هاتووم تاکو ئاشتی بهێنمە سەر زەوی. نەهاتووم بۆ هێنانی ئاشتی، بەڵکو شمشێر! [٣٥] چونکە من هاتووم بۆ هەڵگەڕاندنەوەی {کوڕ لە باوکی و کچ لە دایکی و بووک لە خەسووی. [٣٦] دوژمنی مرۆڤیش لە خانەوادەکەی خۆی دەبێت.} [٣٧] ئەوەی باوک یان دایکی لە من خۆشتربوویت، شایانی من نییە. ئەوەی کوڕ یان کچی لە من خۆشتربوویت، شایانی من نییە... [٣٩] ئەوەی ژیانی خۆی بدۆزێتەوە دەیدۆڕێنێت، بەڵام ئەوەی ژیانی خۆی لەبەر من بدۆڕێنێت دەیدۆزێتەوە. ئامین.

بۆیە بینیمان کە پەروەردگار عیسا پڕ بوو لە هێزی خودا لە هەردوو ووشەکانی و ئیشیەکانی خۆی. جەماوەرەکان کە شوێنی عیسا کەوتن، سەرسام بوون، وتیان: (ئەمە ئەمانەی لەکوێ بوو؟ ئەی ئەم داناییەی پێی دراوە و ئەم پەرجوانەی لەسەر دەستی دەکرێن! (مەرقۆس ٦: ٢)

ئایا عیسا ئەو هێز و داناییەی لە کوێوە بە دەستی هێنابوو؟ لە هیچ جێگایەك (بەدەستی) نەهێنا بوو، لەبەر ئەوەی خۆی هێزی و دانای خودایە. پەروەردگار عیسا ئەو هەموو ئیشە باڵادەستانەی خودای ئەنجام دا لەسەر زەوی بۆ ئەوەی بە خەڵکی نیشان بدات لە کوێوە هاتووە و کێیە. ئەو دەسەڵاتی بەسەر هەموو بەدی هێنراوێك و هەموو جۆرە هێزێك هەبوو لەبەر ئەوەی ئەو (روح الله) بوو. لەبەر ئەوە بوو عیسا توانای زریانەکە هێور بکاتەوە و هاروهاج و ئەو مرۆڤانەی ڕۆحی خراپیان تێدا بوو چاك بکاتەوە تەنها بە ووتنی یەك ووشە. هەموو هێزە بێ سنوورەکەی خودا لەناو پەروەردگار عیسادا هەبوو. لەبەر ئەوە بوو توانی ئەو ئافرەتە چاك بکاتەوە کە خوێنی لەبەر ئەڕۆیی بۆ دوازدە ساڵ. ئەم ئافرەتە هەموو ماڵ و موڵکی لە پزیشك و دەرمان سەرف کردبوو بەڵام لەو ساتەی دەستی لە کراسی عیسا دا چاك بووەوە. بە هەمان شێوە، کاتێ عیسا دەستی لە چاوی دوو پیاوە کوێرەکە دا یەکسەر چاك بوونەوە. و دەسەڵاتی عیسا سنووردار نەبوو بەوانەی لە ژیاندان. دەسەڵاتی بەسەر مردووانیشادا هەبوو! لەبەر ئەوە بوو توانی ئەو منداڵەی مردبوو بگەڕێنێتەوە ژیان. هێزی عیسا زۆر بەسەر هێزی پێغەمبەرێکی ئاسایی بەسەر دەکەوت، لەبەر ئەوەی خۆی ووشەی خودابوو لە جەستەی مرۆڤێکدا.


بەڵێ، ووشەی خودا پێمان دەڵێت کە هەموو هێز و هەموو دەسەڵات دراوە بە عیسای مەسیح. بۆیە، ئەگەر متمانە بە عیسا بکەی وەك ڕزگاری دەرت و پەروەردگارت، ئەو کاتەی چی دی پێویستت بەوە نابێ لە هیچ بترسی: نە لە مردن، نە لە ژیان، نە لە ڕۆحی خراپ، نە

لە جادووگەران، نە لە ئێستا و نە لە ئاییندە! چی دی پێویستت بەوە نابێ نوشتە لە مل بکەی یاخود قوربانیەك بە کەسێك بدەی تاکو بتپارێزێ لەبەر ئەوەی پەروەردگار عیسا دەتپارێزێ. نووسراوی پیرۆز ئاوا دەفەرموێ: چونکە تەواوی خودایەتی لە مەسیحدا نیشتەجێیە، بە لەشی خۆی، ئێوەش لەودا گەیشتوونەتە تەواوەتی، ئەوەی سەری هەموو سەرۆکایەتی و دەسەڵاتێکە! (کۆلۆسی ٢: ٩، ١٠)

ئایا متمانەت بەو کەسە هەیە کە (سەری هەموو سەرۆکایەتی و دەسەڵاتێکە)؟ یاخود هێشتا هەوڵ دەدەی هێز و دەسەڵاتە کەمەکەی ئەم جیهانە رازی بکەی؟

دیراسەتی داهاتوو بەردەوام دەبین لە ئینجیل و دەبینین چۆن عیسا خەڵکانی فێرکرد بە نموونە.

دەبا خوداش بەرەکەتدارت بکات و فێری مانای قوڵت بکات لەوەی ڕایگەیاند سەبارەت بە مەسیح: چونکە تەواوی خودایەتی لە مەسیحدا نیشتەجێیە، بە لەشی خۆی، ئێوەش لەودا گەیشتوونەتە تەواوەتی، ئەوەی سەری هەموو سەرۆکایەتی و دەسەڵاتێکە! (کۆلۆسی ٢: ٩، ١٠)



## گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. جەماوەرەکان کە شوێنی عیسا کەوتن، سەرسام بوون، وتیان: (ئەمە ئەمانەی لەکوێ بوو؟ ئەی ئەم داناییەی پێی دراوە و ئەم پەرجوانەی لەسەر دەستی دەکرێن! ئەی سەبارەتە تۆش؟

٢. ئایا عیسا ئەو هێز و داناییەی لە کوێوە بە دەستی هێنابوو؟

٣. ئایا متمانەت بەو کەسە هەیە کە (سەری هەموو سەرۆکایەتی و دەسەڵاتێکە)؟ یاخود هێشتا هەوڵ دەدەی هێز و دەسەڵاتە کەمەکەی ئەم جیهانە رازی بکەی؟

**ڕێگای ڕاست و دروستی:**
**وەرزی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز**
(٢٠١٦)
Old Testament, Sorani (Draft), International Bible Society, 2005, 2009, 2011; Psalms, Biblica, 2013
Kurdish New Testament, International Bible Society, 1998; Biblica, 2011
ئەم خوێندنەوە لە {***The Way of Righteousness*** by Paul Bramson, 1998} بەخەش کراوەتە.
**بەرهەم هێنەر: کۆمەڵەی ڕێگای ڕاستودروستی**
rrd2011@yahoo.com www.rrdk.org